Democratic Party of Iranian Kurdistan
International Relations

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
نوێنەرایەتیی دەرەوە

له ڕێکەوتی 9 / 5/ 2005 دا وتارێک له لایەن "م. بابایی یەوە" نوسرا ، کە کۆمەڵێک تۆمەت وکەسایەتی شکاندن و بێ ڕێزی بەرامبەر بە "شاهۆ حوسێنی" نوێنەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی وڵاتی لە خۆ گرتبوو. ئەو وتارە لە لایەن سایتی "کوردستان پۆست" وە بلاو کرایەوە و زەربەیەکی توندی لە کەسایەتی شاهۆ حوسێنی و خەباتی بەردەوامی چەندین ساڵەی و تەنانەت ژیانی بنەماڵەییشی دا.

لەو پێوەندیەدا شاهۆ حوسێنی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتانەی لەو وتارەدا وەپاڵی درابوو هەروەها بۆ دەرخستنی نادروستی ئەو تۆمەتانە بە شێوەی ڕەسمی و یاسایی ، سکاڵای خۆی لە دادگای ستۆکهۆڵم و لە دژی بەڕێوەبەرو خاوەنی سایتی کوردستان پۆست تۆمار کرد.

پاش ئەوەی دادگا ڕەوتی پێ ڕاگەیشتنی بەو سکاڵایەی بڕی ئاکامەکەی لە ڕێکەوتی 19 / 1 / 2010 دا بە قازانجی شاهۆ حوسێنی و مەحکومیەتی خاوەنی سایتی کوردستان پۆست ڕاگەیاند و تا ڕێکەوتی 9 / 2 / 2010 ی مۆلەت بە مەحکووم کراو دا تا ئەگەر ڕەخنەیەکی لەو بارەوە هەیە بە دادگای بدا. بە کۆتایی ئەو مۆلەتەو نەگەیشتنی هیچ ڕەخنەیەک لەو بڕیارە بە دادگا، بڕیارەکە گەیشتوتە برگەی بەڕێوەبردن و ئالان ماردینی خاوەنی سایتی کوردستان پۆست بە تاوانبار ناسێندراوە کە دەبێ قەرەبووی زیانەکانی شاهۆ حۆسێنی بکاتەوە . پێویستە بڕیارەکەی دادگاش لەسەر سایتی کوردستان پۆست بڵاو بکاتەوە تا هەموو لایەک لە نادرووست بوونی ئەو تۆمەتانە کە بەرورووی شاهۆ حوسێنی کرابوون ئاگادار بکرێن .

دەقی بڕیاری دادگای ستوکهۆڵم کە لە ڕێکەوتی 19/1/2010 لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پەروەندەیە دا دەرچووە بەم جۆرەیە:

- ئالان جەمال مەردینی دەبێ بڕی 50 هەزار کرۆنی سویدی لەگەڵ زەکات(سوود) بە پێی پاراگرافی 6 ی یاسای سوود (1975:635) بدا بە شاهۆ حوسەینی. ئەو سووده لە 9ی مانگی مای 2005وە تاکوو ئەم کاتە دەگرێتەوە.

- ئالان جەمال مەردینی دەبێ ئەم حوکمەی دادگا لە ماڵپەڕی کوردستانپۆست دا بڵاوبکاتەوە.

- ئالان جەمال مەردینی دەبێ هەموو زەرەرو زیانی شاهۆ حوسەینی کە خەرجی دادگای کردووە قەرەبوو بکاتەوە کە دەکاتە 158867کرۆن لەگەڵ سوودی ئەو مەبلەخە بە پێی پاراگرافی 6 ی یاسای سوود لەو ڕۆژەوە تاکوو ڕۆژی پەرداخی پارەکەی. لەو مەبلەخەدا 152500 دراوە بە وەکیلەکەی .

- دادگا بڕیار دەدا بە پێی یاسای یارمەتیدەری دادگا قەرەبووی جان کادشتت بکاتەوە بە بڕی 58450 کرۆن، لەو مەبلەخەدا 52555کرۆن بۆ کارەکەی و 3782 کرۆن بۆ سەرفی کاتەکانی و 2113 کرۆن بۆ ئەوەی کە بەڵگەکانی پیشان داوە. لەم مەبلەغەش دا 11267 کرۆن پەرداختی زەکات دەکرێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**
**نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات**
**21/2/2010**

THE DEMOCRATIC PARTY OF IRANIAN KURDISTAN
C/O: AFK 17, Avenued Italie: 75013 PARIS – France: Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093
www.pdki.org: Email: pdkiran@club-internet.fr